# کورد

# و

# هةنبانةي مذوو

## نووسيني: مةنسوور عةزيزي



بەشی یەکەم

## نەتەوە

بێگومان خووخدەی لە یەکچووی دانیشتوانی کۆمەڵگایەك وا دەکا کە ئەو کۆمەڵە خەڵکەی پێکەوە و لە سنوورێکی جوگرافی تایبەتدا دەژین ، بیر لەوە بکەنەوە بۆ باشتر ژیان و پێکەوە ژیان و لە نێو نەچوون ، ئەو تایبەتمەندییانە بپارێزن و هەرێمێك بۆ کەسایەتی تاکی خۆیان بدۆزنەوە و خاوەن سنوورێکی تایبەت بە سۆمای دەسەڵاتی خۆیی بن.

لە مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە گەر هەنگاو بگوازینەوە بەرەو جیهانی سەر دڵی سەدەی بیست و یەکەمی ئەورۆ ، لە سەر جەم ئان و ساتە جیاوازەکاندا، زۆر بە روونی ئەوە بەدی دەکەین کە کۆمەڵە مرۆڤێك لە چوارچێوەی تاقمێکدا ، هەر دەم لە گەڵ یەکدی راویان کردووە و خواردنیان دۆزیوەتەوە و لە هەمان کاتدا سۆزو بەرگری خۆیانیان لە کاتی هێرشی تاقمە بێگانەکانی دیکە ، بۆ یەکدی دەربڕیوەو ئەوەیان لە لا روون بووەتەوە کە تاکە هۆی مانەوەی ئەوان ، یەکگرتووییانە وهەروەها بە هێزکردنی زیاتری ئەو تایبەتمەندییانەیان کە هەیانبووە.

کەواتە لێرەدا تایبەتمەندی دەکەوێتە پێش ئابوورییەوە ، بەڵام هەموو شتێك نییە . بێگومان لە سەردەمی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە تا هەنووکە گەلێك قۆناغی جیا جیا بە سەر گۆی زەوی و کۆمەڵگاکانیدا تێپەڕیوە . پاش قۆناغی کۆیلەداری بنەمای چەند قۆناغێکی نوێتر سەرهەڵدەدەن کە تا دێ و مرۆڤەکان بەرەو ئەوە دەچن بە دوای تایبەتمەندی یەکدیدا بگەڕێن . گەڕان بە دوای تایبەتمەندیشدا بنەما و ڕەوتی چێبوونی جڤاك و جەمسەر گرتن و هەڵگرتنی دروشم ، جا لە ئاستی نزمدا بێت یان بەرز ، بە دوای خۆیدا دەهێنێت . گەر لە سەردەمی مرۆڤە سەرەتاییەکاندا مرۆڤ تەنیا بۆ بژێو و وەك گیانلەبەرانی دیکە ژیان ، خۆیان لە چوارچێوەی دەستە و تاقم و گورۆی جیاجیا دەبینییەوە ، دەبینین ئەم ڕەوتە لە قۆناغی کۆیلەداریدا خۆی لە چوارچێوەی دوو چیندا جێداوە . چینێك کۆیلەدار و چینەکەی دیکە کۆیلە. لەم ڕوانگەوە گەر بڕوانینە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری مرۆڤ بۆ بە گرۆ بوون ، دەبینین بۆ خۆ پاراستن و ژیان و ئاسوودە بوون پێویستیان بە ڕێك و پێکی بووە و لە نێو خۆشیاندا یاسا و ریسای تایبەت بە سەردەمی خۆیان داناوەو پێڕەویان بوونە . کەواتە یەکەم هەنگاوەکانی پەیدا بوونی مێژوویی مرۆڤ و دابەش بوونی لە چوارچێوە و قەوارەی مێژووییدا لەو سەردەمەوە سەرهەڵدەدا کە بە شێوەیەکی هەست پێکرا و بە لێزانییەوە لە ئاست ناسینی ڕەنگ و دەنگ و شێوەو ڕەگەزەوە خۆیانیان دابەش کردووە و بۆ تایبەتمەندییەکانیان بنەمای نەپساوەیان لە قۆناغە جیاجیاکاندا هەڵبژاردووە.

بەو واتایەی کە، پاش تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ پێناسە کردنی ڕەگەزی خۆی و ناسینی زمان و مامەڵە کردنی تایبەت بەو ڕەگەزە ، ئیدی وێرای سەرکەوتنی، یان دۆڕانی لە جەنگەکان، لە گەڵ ڕەگەز و تیرە و خێڵەکانی تردا ، نەیویستووە کە ڕەگەز و تایبەتمەندی و نەستەکانی خۆی و هۆزەکەی لە نێو بچێ و هەر بەو بۆنەیەشەوە یاسای خێڵەکی یان ئایینی یان هێز هاتۆتە کایەوە . لێرەدا دەبێ، کە ئیدی سەرەنێزەی کێشە و بگرە و بەردەکان لە نێوان ڕەگەز و هۆز و خێڵی جیاوازی مرۆڤاندا ، سەرهەڵدەدەن. .

.

سەرهەڵدان و بوونایەتی مێژوویی، سەرەتا و یەکەم خاڵی ناسینی کۆمەڵە کەسانێکە یان کۆمەڵە خەڵکێکە کە نایانەوێ لە ژێر هیچ شێوە کارتێکردنێکدا ، ئاڵ و گۆڕ بە سەر ئەو پێکهاتەیانەدا بێت . بەو پێیە ، گەر بێین و بەدوای باسی نەتەوەدا بگەڕێین ، گەڕان بە دوای بنەما ترین هۆکار ، واتا پەیدا بوونی مێژوویی خاڵێکی زۆر گرنگە و پێویستە لە پێش هەر شێوە بیرکردنەوەیەکدا بێت بۆ باس لە سەر چمکی نەتەوە.

بۆ باس لە سەر چمکی نەتەوە ، لایەنێکی دیکە پاش لایەنی پەیدا بوونی مێژوویی ، گرنگە . ئەو لایەنەش ، نیشتەجێ بوونی مێژووییە .

لە ڕوانگەی هەر بیرێکەوە بۆ باس لە سەر تایبەتمەندییەکانی خەڵکانێك بدوێین ، نیشتەجێ بوون تایبەتمەندییەکی بە هێزە بۆ ناساندنیان. مرۆڤەکان بە پێی شوێنی نیشتەجێ بوونیان ، ئاکار و کردەوەو کولتوور و فەرهەنگیان جیاوازە . تایبەتمەندییەکانی نیشتەجێ بووانی دەشت و تایبەتمەندییەکانی نیشتەجێ بووانی شاخی هاوسنووریان لە گەڵ یەکدی جیاوازن . لێرەدایە کە نیشتەجێ بووانی دەشت هەندێك تایبەتمەندییان هەیە کە لە چوارچێوەی بافتێکدا کۆیان دەکاتەوە و بە پێی نیشتەجێ بوونی مێژوویی هەر کامەیان لە هەر کام لەو ناوچانە ، کۆمەڵە هۆیەك لێیاندا پەیدا دەبێ کە ئامادەی لە دەست دانی نابن. کۆی دوو باسی، پەیدا بوونی مێژوویی و نیشتەجێ بوونی مێژوویی، دوو هۆکاری زۆر بنەڕەتین بۆ سەرەتای باس لە

پێکهاتنی نەتەوەیەک، ئەوەش لە کاتێکدا کە پەیدا بوونی ئەوان و نیشتەجێ بوونیان لە ژێر کار تێکەری ئەم یان ئەو دەسەڵات یان میر یان پادشادا نەبووبێت و پێوەندی زۆر بەهێزیان پێکەوە هەبێت .
بێگومان کاتێك باس لە سەر نیشتەجێ بوونی مێژوویی و دەڤەری نیشتەجێ بوون دەکەین ، بە شێوەیەکی خۆڕسك باسی خاك و ئاو و مەڵبەندێك دێتەنێو کە ئەم یان ئەو خەڵك کە کۆمەڵە فاکتێك لە یەکیان نزیك دەکاتەوە ، پێکەوە پاراستوویانە و چوارمێخەی تایبەتمەندییەکانی خۆیانیان لە سەری داکوتیوە ، خۆیان بە هی ئەو مەڵبەندە دەزانن و ئەو مەڵبەندەش بە هی خۆیان . لێرەدایە کە ئەم کۆمەڵە خەڵکە سنوورێکی دیاریکراو دەسازن بۆ خۆیان و یاسا و ریسای تایبەت بە خۆیانی لە سەر بەڕێوە دەبەن.
یەکێك لە فاکتە هەرە گرنگەکان بۆ پێکهاتنی نەتەوەیەك ، ئامرازی زمانە . زمان ، هێزی دەربڕین ، سنووری ناسین ، سنوورێکی خۆڕسك دامەزراوی سروشتی ، زمان هۆکار و هۆبەندی وەرگرتن و دانەوە ، زمان سروشتی پێکەوە نووسانی سۆز و تێگەیشتن ، بۆ گرێدانی داواو ویستی کۆمەڵە خەڵکێکی خاوەن یەك هۆی دەربڕین و ویستن ، هۆکارێکی زۆر گرنگ و بە بایەخە بۆ کۆ کردنەوەی سەرجەم هێز و فاکتەکانی دیکە . کەواتە زمانیش یەکێکە لەو تایبەتمەندییانە کە بۆ پێکهاتنی نەتەوەیەك پێویستە. کە دەڵێین زمانی نەتەوەیەك ، مەبەست لەو شێوە زمانەیە کە تایبەتمەندی نەتەوەیی نەتەوەیەکی پێوە دیارە ، نەك ئەو زمانەی کە زمانی دەسەڵاتدار یان زمانی میری کۆمارێك یان هێزێکی داگیرکەرە . ئەوەش بەو واتایە نییە کە دوو نەتەوە ناتوانن یەك زمان بە کار بهێنن . بۆ نموونە ئینگلیزییەکان و ئامریکاییەکان ، هەر دوو بە یەك زمان دەدوێن . دانیشتوانی وڵاتانی سکاندیناوی ، لە بواری زمانەوانییەوە زۆر لە یەکدی نزیکن ، بەڵام ناتوانین بڵێین یەك نەتەوەن
لە بەر ئەوەی کە خاوەن خاکی هاوبەش نین و ژیانێکی تێکڕاییان نییە.

چەند فاکتێکی دیکە هەن کە لە پێکهاتنی نەتەوەیەکدا پێویستن ،وەك هێز و هۆی ئابووری و داب و نەریت .
لە گەڵ ئەو باسانەدا کە کرا ، دەتوانین ئاوا بڵێین کە نەتەوە بە کۆمەڵە کەسانێکی پەیدا بووی مێژوویی ، نیشتەجێ بووی مێژوویی و خاوەن زمان و خاکی هاوبەش و خاوەن ئابووری و نەریتی هاوبەش دەگوترێ کە لە سەردەمی ئەوڕۆ و سەردەمیانەی ئەو تەوەرەدا، زیاتر و روونتر و باشتر لە سەردەمەکانی دیکە بەدیدەکرێت .

## مدذوو ...

گومان لەوەدا نییە کە باس لە سەرمێژووی گەلێکی بێدەسەلات و دەوڵەت بە دەست نەهێناوی وەك کورد ، زۆر گران و ئەستەمە . هۆکاری ئەم بێگومانییەش زۆر روون و ئاشکرایە. گەلێك کە سەر بەست نەبووبێ لە پێشینەی مێژووی خۆیدا و بە هێزیش نەبێ لە بوارە جیاوازەکانی میدیا و کێبەرکێی قۆزتنەوەکان، بێگومان لە کۆندا مێژوو نووسی خۆیی ئەوتۆی نەبووە و لەمڕۆشدا دەبێ تەنیا نووسینی مێژوونووسە بیانییەکان لە سەر خۆی بخوێنێتەوەو لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکات بۆ دۆزینەوەی پێشینەی مێژوویی خۆی و کیانەکەی. لە هەمبەر دۆزینەوەی مێژووی ئەم گەلە ، پێویستە سەرەتا هەوڵ بدەین لە سەر جێی نیشتەجێ بوونی مێژوویی ئەم گەلە بدوێین و پاشان بگەڕێینەوە سەر خۆی.

بە پێی ئەو باسە جیاوازانەی کە لە سەر، ژیان لە سەر گۆی زەوی کراوە،ئاوا روون بووەتەوە کە ژیان لە سەر ئەم گۆیە ،دەگەڕێتەوە بۆ 1800تا3350میلیۆن ساڵ بەر لە مێژوو. پاشان ئەوە روون بۆتەوە کە موهرە دارەکان پێش لە 350 میلیون ساڵ و گیانلەبەرە مەمکدارەکان 150 ملیۆن ساڵ و مەیموونە سەرەتاییەکانیش 40 ملیون ساڵ پێش لە مێژوو پەیدا بوونە . بەڵام لێزانان و شوێنەوار ناسان پەیدا بوونی شێوەی مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ نزیکەی یەك تا سێ ملیۆن ساڵ بەر لە مێژوو.
سەرهەڵدانی ژیانی مەیمونانی "نیئاندرتاڵ" بە پێی لێکۆڵینەوەی شوێنەوار و ژین ناسان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدهەزار ساڵ بەر لە ئێستا و پاش ئەوان بوونایەتی" هوموساپین "ەکان کە رەگەزی پاش نیئاندرتاڵەکانن ، دەگەڕێتەوە بۆ نزیك پەنجا هەزار ساڵ بەر لەئێستا و زانایانی ئەو بوارە وای دەبینن کە مرۆڤانی ئەوڕۆیی لە

پاشماوەکانی ئەوانن. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە کراون ، رۆژهەلاتی کوردستان خاڵی دەسپێك و یەکەم پێگەی ژینایەتی مرۆڤە لە سەر گۆی زەوی. هەروەها لە ئاسیای باشووری رۆژئاوا، بە گشتی لە لێژگە و داوێنەکانی دەوروبەری رشتە کوێوەکانی زاگرۆس ، شوێنەوار ناسان زۆر لەو شوێنەوارانەیان دۆزیوەتەوە کە باس لە پێشکەوتن و ئاستی شارستانییەتی ژیانی ئەو سەردەمەی دانیشتووانی ئەو هەرێمانە دەکەن. کۆنترین شوێنەوار کە دۆزراوەتەوە لە سەر ژیانی مرۆڤانی ژیان بەسەر بردوو لە وشکایی ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ دەهەزار ساڵ پێش لە زایین . بە شێوەیەکی تەماوی ، ئاسەوار ناسان باس لە بوونی مرۆڤ دەکەن لە بیهشار و کرماشان و مێژووی ئەم باوەڕە ناڕوونەش دەگەڕێننەوە بۆ چل هەزار ساڵ پێش . ئاواش دەڵێن کە سەرچاوەی ژیانی ئەوان راو کردنی ئاژەڵی دیکە بووە و نەرۆیشتوونەتە خوار بۆ دەشتەکان . جا لە بەر ئەوە بووبێت کە بەربەستیان لە پێش بووە ، نەرۆیشتوونەتە خوار بۆ دەشتەکان یان ئەوە ی کە ئەوان بە هۆی ئەوەی ئەشکەوت نشین بوونە و راوکردن و ژیان بۆ ئەوان بە بەرزاییەکانەوە زیاتر مسۆگەر بووە ، روون نییە. نزیکەی نۆ هەزارساڵ پێش لە زایین شوێنەوارێك لە ژیانی نیشتەجێ بوون و ئاژەڵ بە خێو کردن و کشتوکاڵ کردن و گونداری سەرهەڵدەدا و بێگومان یەکەم جێی خۆ گرتنی گوندەکان ، شار و شارۆچکەکان دەبن . کە شار و شارۆچکە دەست بە خۆ گرتن دەکەن ، ئاسایش و رێك و پێکی و پاراستنیش لە کۆمەڵە پێویستییەکانی شارنشینان و شارۆچکە نشینانن کە لە یەکەم هەنگاوی شارنشینانی کۆندا ، لە پێویستییەکانی مرۆڤانی ئەو سەردەمەش بوونە و بناغەیان بۆ داڕێژراوە، هەر چەند بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایش بووبن .

گرنگی ئەم باسە مێژووییانە لەوەدایە کە چۆنیەتی ژیانی ئەو مرۆڤانەی لەم هەرێمەدا ژیاون ، لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ و ئەو رێگا و یاسا و ریسایانەی کە ئەوان لەو سەردەمە بۆ ژیان لە پێشیان گرتووە ، پێویستە پەیڤینیان لە سەر هەبێ و ئاستی لە پێش بوونی دانیشتووانی ئەم مەڵبەندەش هەڵسەنگێندرێ و خاوەنانی ئەم پێشینەیەش لەمرۆدا ئاماژەیان پێبدرێت .

بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە ناوچەکانی دەوروبەری رشتە کێوەکانی زاگرۆسدا کراون ، لە تەپۆڵکەکانی ئەم ناوچانە رەگەزی دانەوێڵەی گەنم و جۆ و پاشماوەی ئێسك و پروسکی ئەو گیانلەبەرانە دۆزراونەتەوە کە هەنووکەش لە شێوەی رەنگ و تان و پۆی جەستەییەوە لەو گیانلەبەر و ئاژەڵانە دەچن کە لەمڕۆشدا لەم ناوچانەدا دەژین. ئەو شوێنەوارانەش ، شوێنەوار ناسانیان هێناوەتە سەر ئەو باوەڕە کە ئەم جۆرە دانەوێڵە و ئاژەڵانە سەرجەم پێویستییەکانی مرۆڤی ئەو سەردەمانەیان لەم دەڤەرە دابین کردووە کە خۆی لە خۆیدا دەبێتە هۆکارێك بۆ ناساندنی شارستانییەت لەم هەرێمە . دیارە تا هەنوکەش لێکۆڵینەوە لە سەر پێشینەی مێژوویی ئەم دەڤەرانە و چۆنیەتی ژیانی دانیشتوانیان لەو سەردەمە، لە لایەن زانایان و لێکۆڵەرەوان ، هەر بەردەوامە . بەڵام ئەوەی کە تا هەنووکە بۆ ئەوان روونە ، ئەوەیە کە پێشینەی ژیانی مرۆڤ لەم مەڵبەندە ، دەگەڕێتەوە بۆ دە تا دوازدە هەزار ساڵ پێش .

لێکۆڵەران و شوێنەوارناسانی ئامریکایی لە سەردانێکیاندا بۆ ئێران لە ساڵی 1338 ی هەتاوی لە لێکۆڵینەوە بوونە لەسەر دەڕەیەك کە رێگایەکی پێدا تێپەڕیوە و لە باکووری رۆژئاوای کرماشانەوە دەستی پێکردووە و لەوێوە بەرەو باکووری رۆژئاوای باشووری کوردستان درێژەی پێدراوە و لەوێشەوە شۆڕ بۆتەوە بۆ کەناری شاری وان لە باکوری کوردستان و پێیان گووتووە رێگای شووشە . "ابسیدن "یان بەردی شووشە هەبووە لە کەنارەکانی شاری وان و لەوێشەوە گوازراوەتەوە بۆ جێگاکانی دیکە . لە ئەشکەوتی راوچییانی بێستوونیش هەندێك شوێنەوار دۆزراونەتەوە کە ئاماژە بە پێشینەی ژیان لەو دەڤەرانە دا دەکەن ، وەك هەندێك ئامراز لە بەردی" سلیس" لە سەردەمی" موسترین" (سی تا چل هەزار ساڵ پێش) . جگە لەوەش ددانی خرس و ئەسپ و گای کێوی دۆزراونەتەوە کە لەمرۆدا رەگەزی ئەو جۆرە گیانلەبەرانە بەدی ناکرێت . هەندێك شوێنەواریش لەو مرۆڤانە کە پێیان گووتوون" ئاوری ئیناس" لە کوێوەکانی زاگرۆس دۆزراونەتەوە کە زۆر زوو پاش ئەوان مرۆڤانی سەدە بەردینەکان لەم دەڤەرانەدا ژیاون. یەکێکی دیکە لە هێماکانی پێشینەی ئەم دەڤەرە پەیدا بوونی رەگەزێکی گەنمە، کە زاناکان پێی دەڵێن " ئێمر" و پێیان وایە کە ئەو گەنمە گەنمی کشتوکاڵی بووە . ئەم دانەوێڵەیەش لە دەوروبەری" کرند" دا دۆزراوەتەوە .

تا هەنووکە زۆر شوێنەواری کۆن و مێژوویی لە لایەن شوێنەوار ناسان و لێکۆڵەرەوانەوە لە سەرجەم بەشەکانی خاکی کوردستاندا دۆزراونەتەوە کە مێژووی هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە مێژوو یان بەر لە ئێستا، وەك: ئەشکەوتی بێستوون و ئەشکەوتی کنشت لە کرماشان.

تەپۆڵکەی چیا خەزینەی قیسوەند لە نزیك هەرسین و تەپۆڵکەی گۆدینی کەنگاوەر لە نزیك کەنگاوەر .

" کارل تون اسکون" شوێنەوار ناسی ئامریکایی کە ساڵی 1948 ی زایینی سەردانی ئەشکەوتی بێستوونی کردووە ، پێی وابووە کە ئەو ئەشکەوتە هی سەردەمانی پێش لە مێژووە .
شوێنەوارناسانی زانکۆی ڕۆژهەڵاتی شیکاگۆ بە سەرپەرشتی "بروس هاو" لە ساڵەکانی 38 و 39 ی هەتاوی سەردانی ئەشکەوتی "کنشت"یان لە گوندی کنشتی کرماشان ، کردووە و پاش لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەیەکی باش ، پێشینەی ئەم ئەشکەوتەیان بردۆتەوە بۆ چل هەزار ساڵ پێش .
گردی " چیا خزینەی قیسوند " ساڵی 1965 ی زایینی لە لایەن دوکتۆر "اسمیت " ی شوێنەوار ناسی کانادایی سەرنجی ڕاباووە سەر و هەروەها جێی سەرنج و تێڕامانی زۆر لە شوێنەوار ناسە بییانییەکان بووە و پێیان وا بووە کە ئەم گردە کە بە تەنگەی گەنج بە نێوبانگ بووە ، پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەشت هەزارو پێنجسەد ساڵ بەر لە زایین.
گردی "گۆدینی کەنگاوەر" لە باکوری ڕۆژئاوای گوندی گۆدین کە یەکێك لە گوندەکانی سەر بە کەنگاوەرە ، لە ساڵی 1334 ی هەتاوی لە لایەن کایلریانگ، ئوستادی زانکۆی تۆرەنتۆی کانادا کەوتە ژێر لێکۆڵینەوە و چۆنیەتی ساز کردنی ئەو گردە نیشانەی سەردەمی مادەکانیشی پێوە دیارە . زۆر جار لە لایەن شوێنەوار ناسانەوە ئاماژە بەوە دراوە کە میسر و فەلەستین جێی سەرهەڵدانی شارستانییەتی کۆنن . بەڵام لەم دواییانەدا لە نزیك چیای زاگرۆس شوێنەواری گوندی چەرمۆ و شانەدەری دۆزراوەتەوە کە ئاسەوارناسان پێیان وایە مێژووی دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ پێش لە زایین. ئەوان ، واتە شوێنەوارناسان پێیان وایە کە ئەوە یەکەم مەڵبەندە کە مرۆڤ بنکە و بارەگای ژیان و ئاژەڵداری و مانەوەی تیا داکوتیوە.
کۆنترین نووسین لە لایەن ئاسەوار ناسانەوە لە وڵاتی میسر دۆزراوەتەوە کە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چوارهەزار ساڵ پێش. هەڵبەست و نووسراوەی هەر هەمان سەردەم، لە وڵاتی میزوپوتامیاش دۆزراونەتەوە . لە گەڕان بە دوای شارستانییەت و پێشکەوتنی دانیشتووانی سەر گۆی زەوی ، چەند وڵات وەك لانکی شارستانییەت و پێشکەوتن دیاری کراون ، وەك : میزوپوتامیا ، میسر ، هند، چین ، یونان ، فەلەستین.
میزوپوتامیا، واتە کیانی نێوان ڕووبارەکانی دیجلە و فورات.
بە پێی سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوانە ، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەرێمی دەوروبەری چیای زاگرۆس باس لە شارستانییەت و پێشینەی مێژوویی زۆر زوو دەکات . بێگومان ئەو هەرێمەش کە لە ژێر تۆژەبینی لێکۆڵەران و پسپۆڕانی بواری شوێنەوار ناسی و ژیاننانسی و مێژوو ناسییە ، ئەو دەڤەرەیە کە ئەوڕۆ بە کوردستان ناوی دەبەین.
ئەو دەڤەرەی کە مەبەستی باسەکەی ئێمە بوو ، دەڤەرێکە کە لە گەڵ تێپەر بوونی کات و گواستنەوەی قۆناغە جیاجیاکان، مرۆڤ و ڕەگەزو خێل و هۆزی جۆراوجۆری تیادا ژیاوە. دەڤەرێکە کە مرۆڤی ناسیوە . دەڤەرێکە کە هەر لەسەرەتای سەدە بەردینەکانەوە تا هەنووکە کە سەدەی گەرمی ئێنتێرنێتە ، بە دەڤەرێکی گرنگ و وەك ناوەندێکی بە پیت پێناسە کراوە. دەڤەرێکە کە عیلامی ، لۆلۆیی، گۆتی، کاسی،میتانی و مادەکانی تیدا ژیاوە .

زۆر جار لە سەر کورد باس کراوە و لێکۆڵینەوە بە ئەنجام گەیشتووە و هەر یەك لە نووسەران یان مێژوو نووسان بە نۆبەی خۆیان هەوڵیان داوە بە پێی تێگەیشتنیان لە دۆزەکە ، بدوێن و بنووسن.
بە گشتی سێ بڕوا لە سەر کورد هەیە . یەکەم ،هەڵوێست و نووسینی مێژوو نووسە عەرەبەکانە کە پاش هێرشی ئیسلام لە سەدەی حەوتی زاییندا ڕوویان کردۆتە کوردستان و پاشان بە پێی بیری خۆ و لە ڕوانگەیەکی ئایینیەوە باسیان بۆ کورد دۆزیوەتەوەو مژاری کورد لە ڕەگەزی جنۆکەیان، داوەتە پاڵ ڕەگەز و سەرچاوەی سەرهەڵدان و پەیدا بوونی ئەم گەلە. لایەنێکی دیکە کە لە سەر کورد و بناغەی ئەتنیکی ئەم گەلە دواون و نووسیویانە ، مێژوو نووسە فارسەکانن . ئەوانیش پێیان وایە کە کاتێك زوحاك دەسەڵات دار بووە ، پاش ئەوەی کە نەخۆش دەکەوێ ، پێویست بووە کە ڕۆژی دوو گەنج سەر ببڕێ و مێشکەکانیان وەك مەرهەم بۆ چاك کردنەوەی ئەو نەخۆشییەی بە کار بێنێ! بەڵام یەکێك لە چێشت لێنەرەکانی زوحاك مرۆڤی باش بووە و ئەو گەنجانەی بە دزییەوە ئازاد کردووە و لە باتی ئەوان ڕۆژی دوو مەڕی سەر بڕیوە ،مێشکی مەڕەکانی لە باتی مێشکی لاوەکان داوە بە زوحاك و لاوەکانی ڕزگار کردووە و ئەوانیش ڕوویان لە شاخ و دەوەنەکانی زاگرۆس و دەوروبەری کردووە و پاشان تا کات زیاتر تێپەڕیوە ، ئەو لاوانە زیاتر و زیاتر بوونە و لە ئاکامدا ئەوان کە هەموویان لە لاوانی پارسی بوونە ، وەك خەڵکێکیان لێهاتووە و داوتر بە کورد ناوبانگیان دەرکردووە .
پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ،نە کورد بە ناوهێنانی " بسم الله " وون دەبن و نە داستانی کاوەش _ بە داستانە کوردییەکەشیوە_ زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە. کەواتە ئەم دوو باوەڕە ، هیچکامیان بە شێوەیەکی زانستی

و بنج و بنەما دۆز ، لە مەڕ ریشە و بناوانی ووشە و ناوی کورد نەنووسراون و تەنیا لە رووی سۆز و هەستەوە بۆ بیری کاریزمایی و سۆزی رەگەز پەرستی دەربڕاون .
لایەنێکی دیکەی باس لە مەر مێژووی کورد و ئەو دەڤەرەی کە ئەورۆ لە سەری دەژی ، لایەنێکە کە زۆر لە نووسەر و مێژوو نووسانی نا فارس و نا عەرەب لە سەر کوردیان نووسیوە . لە باس لە سەر هەرێمە کۆنەکەی ئەم کوردستانەی ئەورۆ باس لە سەر چەند هۆزێك لە ئارادایە بە ناو کاسییەکان ، میتانییەکان، کاردۆخییەکان،عیلامی ، گۆتی و لۆلۆیی و مادەکان .

## میتانی

هند و ئۆروپییەکان دوو هەزار ساڵ پێش لە زایین لە قەفقاسەوە هاتوونەتە کوردستان و لە گەڵ هاتنیاندا میتانییەکان لە رۆژئاوای زاگرۆس و کاسییەکانیش لە هەرێمی زاگرۆسدا نیشتەجێ بوونە. ئەوان ، واتە میتانی و کاسییەکان ، لە هەرێمی دیجلە و توروسدا جێگیر بوونە . هاوکات لە گەل میتانی و کاسییەکان ، چەند خێڵێکی دیکە ، واتە گۆتییەکان و لۆلۆییەکان نیشتەجێ بوونە لەو دەڤەرە.
پاش ئەم نیشتەجێبوونە، حۆرییەکان دەسەڵاتی میتانی پێکدێنن لە ساڵی 1500 ی پێش زایین . وێرای خێڵی حۆرییەکان ، نایرییەکان هاوکات لە گەڵ سۆبارۆییەکان، لە ژێر فەرمانڕەوایی دەسەڵاتی میتانیدا دەژیان .
دیارە شیکردنەوەی رەچەڵەك و بنیادی ئەتنی ئەو خێل و هۆزە جیاوازانەی ئەو سەردەمە، کە لەو دەڤەرانەدا ژیاون زۆر سانا و ساکار نیین،لە بەر ئەوەی کە بنەمایەکی رەچەڵەکی روونیان نیە .
میتانی و کاسییەکان خاوەن دەسەڵاتێکی بەرین بوونە و دەسەڵاتیان بە سەر گەلێك هەرێمدا هەبووە. ئەو بڕوایەش هەیە کە کوردەکان لە نەوە و پاشماوەی میتانی و کاسییەکانن . شێوە زمانی میتانی و کاسییەکان لە بنەماڵەی شێوە زمانی ئیلامییەکان بووە کە لەو سەردەمەدا سەرجەم ئەو شێوە زمانانە بە زمانانی زاگرۆسی ناسراو بوونە.
سنووری دەسەڵاتی میتانییەکان لە رۆژهەڵاتەوە گەیاندراوەتە چیای زاگرۆس و گۆلی وان و لە رۆژئاواوە گەیشتووەتە زەریای سپی و لە باکور و باشووریشەوە لە توروسەوە تا خاکی سوریەی ئەوڕۆیی رۆیشتووە.

کاسییەکان :
لە باس لە سەر نژاد و بوونایەتی ئەو خێڵانەی کە لەو دەڤەرانەی سەر بە زاگرۆس و دەوروبەریدا ژیاون ، باس لە سەر خێڵێك دێتە کایەوە بە ناو کاسییەکان . هەر وەك لە بەشی باس لە میتانییەکاندا باس کراوە ، زۆر لە مێژوو نووسان پێیان وایە کە میتانی و کاسییەکان پێکەوە خاوەن هێزێك بوونە و کاسییەکانیش لە سایەی دەسەڵاتی میتانیەکاندا ژیاون و پێکەوە پارێزگارییان لە سنووری دەسەڵات و گەورەیی و سەروەریی دەسەڵاتی میتانیەکان کردووە .
لەو ئاماژەیەوە گەر چاو لە ریشە و نوێنگەی سەرهەڵدانی کاسییەکان بکەین ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کاسییەکانیش هەروەها زاگرۆسین .
کاسییەکان لە ساڵی 1700 ی پێش زایین لە چیای زاگرۆسەوە سەرەو خوار بوونەتەوە و هێرشیان کردۆتە سەر بابلییەکان و خستوویاننە ژێر رکێفی خۆیان . ئەوان هەستاون بە دامەزرانی وڵاتێك بە ناو " کاردۆنیاش " . کاسییەکان بەرەو هەرێمی لوڕستان کشاون و پاشان لەوێ نیشتەجێ بوونە و هەر لەو هەرێمە دەستیان کردووە بە بە هێز کردنی هێزی خۆیان و لە لایەکی دیکەشەوە لە گەڵ ئەخمینییەکاندا پێوەندی بەهێزیان هەبووە . کاسییەکان لە ساڵی 1517 ی پێس زایین تا 1204 ی پێس زایین دەسەڵاتیان لە مێزوپوتامیادا هەبووە . ئەوان لە رووی هونەرییەوە زۆر لە پێش بوونە .

## کاردۆخییەکان

لە سەر کاردۆخییەکان و مێژوویان ، دەبێ پەنا بۆ نووسینەکەی گزینفۆنی یۆنانی ببەین کە ساڵی 401 ی پێش زایین بە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ ولاتەکەی خۆی . گزینفۆن لە کاتێکدا کە فەرماندەیی دەهەزار سەربازی یۆنانی دەکا و بە کوردستاندا تێدەپەڕێ ، تووشی هێرش و بەرگری خەڵکانێك دەبێتەوە کە لە پەرتووکی " ئاناباس" ی ئەودا ، ناویان بە کاردۆخییەکان هاتووە . گزینفۆن لە نووسینەکەیدا لە دووتوێی چەند لاپەڕەیەکدا لە سەر ئەو خەڵکە ، بە ولاتەکەیان دەڵێ : کاردۆخا و خۆشیانی بە کاردۆخی ناو هێناوە . جێی ئاماژە پێدانە ، ئەو نووسینەی گزینفۆن یەکەم نووسراوەیە لە سەر دانیشتوانی کۆنی ئەم هەرێمەی ئەمڕۆ کە کوردستانی ناوە و ولاتی کوردەکانە. زۆر لە مێژوو نووسان لە سەر ئەو باوەڕەن کە کاردۆخا هەمان کوردستانە و کاردۆخیەکانیش ، هەمان کوردەکانی ئەوڕۆی دانیشووی ئەو هەرێمەن .
مەڵبەندی نیشتەجێبوونی کاردۆخییەکان لە ڕۆژهەڵاتی چەمی دیجلەوە دەستی پێکردووە و تا سنووری چیای جوودی و گۆلی وانی گرتۆتەوە . ئەوان دراوسێی ئەرمەنی وئێرانییەکان بوونە .

## کاردۆخ و ولآتەکەیان

کاردۆخ و وڵاتەکەیان ، ناوی ئەو چەند لاپەڕە نووسینەی گزینفۆنە لە پەرتووکی ئاناباس کە باس لە کاردۆخییەکان و ولاتەکەیان کاردۆخا، دەکا و نووسەر بە درێژی باسی ئەو بەسەرهاتەیان دەکات کە لە کاتی تێپەڕبوونیان بە ولاتی کاردۆخییەکاندا بەسەریاندا هاتووە.

پاش ئەوەی کە یۆنانییەکان لە هەمبەر فارسەکاندا کشانەوە ،نەیانتوانی لە دیجلەوە بپەڕنەوە، هەربۆیە ملیان لە ملی چیاکانی ولاتی کاردۆخان نا.
گزینفۆن دەڵێ :
هزری ئێمە ئەوە بوو کە وەخۆ کەوین و پێش لە نەیار خۆمان بگەیەنینە شوێنە بەرزەکان. تا ئێمە لە دەشتەکان تێپەڕین ، شەو هێندەی بە دواوە نەمابوو. بڕیارمان دا کە شوێنەکەمان بگوازینەوە . وەڕێکەوتین و بەیانی گەیشتینە چیا. کاردۆخییەکان پێیان زانین و زوو لە گوندەکانیان وەدەر کەوتن و بە ماڵ و منداڵەوە روویان لە چیاکان کرد. کاردۆخەکان خاوەن خواردەمەنی و پاشکۆی خۆراکیی زۆر بوون . ماڵەکانیان لە خشتی زۆر پتەو دروست کرابوو. لە کاتی هەلاتنیان ، ئێمە وەدوایان نەکەوتین، لە بەر ئەوەی دەمانویست پێوەندیمان لە گەڵیاندا باش بێت ، بۆ ئەوەی بە بێ هیچ کێشەیەك و بە دۆستایەتی بە ولاتەکەیاندا تێپەڕین و ئەوێ بەجێبێڵین . کاردۆخییەکانیش نهەیار بوون لە گەڵ سای پارسدا . ڕێگای چیا زۆر دژوار بوو. نەمانتوانی پیایدا سەرکەوین . لەو کاتەدا بە خەریسۆفم گووت : دوو دیل لە لای منن کە هەردووکیان کاردۆخین و خەڵکی ئەم ولاتەن . با هاوکاری بۆ دەرباز بوونمان لە ئەوان وەرگرین .
لە ئاناباسدا گزینفۆن ئاوا باس دەکات کە دیلەکانیان هێنا و لە یەکدییان جوێ کردنەوە و لەوەی یەکەمیان پرسی کە ڕێگایان پیشان بدات ، بەلام ئەو زمانی نەکردەوەو ڕێگای پیشان نەدان . هەڵیانواسی و بە هەڵواسراوی نیشانی هاوڕێکەیان دا . ئەویش بەڵێنی دا کە وەپێشیان کەوێت و ڕێگایان پیشان بدات بۆ دەرباز بوون. بەڵام پێش لەوەی بتوانن دەرباز بن ، کاردۆخییەکان هەستیان پێدەکەن و ڕێگایان لێدەگرن .
ڕۆژ بەرەو ئاوا بوون دەڕۆی و گیانبەخش دیاری کران کە ڕێگاکان تاقی کەنەوە و وەپێش کاراوان بکەون و ڕێگا هەموار بکەن بۆ تێپەڕ بوونی لەشکەرەکەیان . لە نووسینەکەی گزینفۆندا ئاماژە بەوە دراوە کە سەرەتا یۆنانییەکان کاردۆخییەکان ناچار بەوە دەکەن کە هەڵبێن . پاشان یۆنانییەکان ڕێی چیا دەگرنە بەر و گزینفۆن و بارخانەکەی و سەربازەکانی سەردەکەونە سەر چیا. پاش ئەوە کاردۆخییەکان لە سەر گردێکدا بۆیان دادەنیشن و لەو گردەش کاردۆخییەکان دەست ناکەنەوە لە یۆنانییەکان . یۆنانییەکان پێیان وا دەبێ کە کاردۆخییەکانیان جاوترسێن کردووە و ئیدی سەرڕێگایان پێناگرن. بەڵام لە ناکاو کاردۆخییەکان جارێکی دیکە دەیانخەنە نێو تۆڕی هێرشی خۆیانەوەو لەو جەنگەدا و زۆریان لێدەکوژن . یۆنانییەکان ناچار بە هەلاتن دەکەن و سەری ڕێگای گزینفۆنیش دەگرن. گزینفۆن لە ڕێی وەرگێڕێکەوە داوای بەستنی پەیماننامەیەك دەکەن بۆ

ئەوەی کە بتوانن کوژراوەکانی خۆیان بنێژن . لە بەرانبەردا کاردۆخییەکان لە گەڵیان رێك دەکەون بە مەرجێك کەیۆنانیەکان ماڵەکانیان نەسووتێنن . یۆنانییەکانیش داوا دەکەن کە ئەو سەربازانەیان چەکیان داناوە و ئەوان گرتوویانن ،ئازاد بکرێن . بەڵام جارێکی دیکە کاردۆخییەکان هێرش دەکەنە سەر یۆنانییەکان و سەریان لێدەشێون . گزینفۆن بە یارمەتی سەربازێك کە قەڵخانی پێیە نەجاتی دەبێ . گزینفۆن ئاماژەی داوە بە سەردەست بوونی کاردۆخییەکان لە جەنگدا بە تایبەت لە تیر هاوێشتن . بە پێی نووسینەکەی گزینفۆن کەوانی کاردۆخییەکان نزیك بە دوو گەز و نیو بووە و تیرەکانیشیان لە گەزونیو درێژتر بوونە . گەر تیرێکی کاردۆخییەکان بکەوتایە دەستی یۆنانییەکان ، هەندێك چەرمیان لێدەدا و بۆ بیرەوەری هەڵیاندەگرت.
لە کۆی خوێندنەوەی ئەو نووسینەی گزینفۆن لە مەر کاردۆخییەکان و وڵاتەکەیان، کاردۆخا ، پێش لە هەر شتێك ئەوە روون دەبێتەوە کە ساڵی 401 ی پێش زایین گەلێك بە ناو کاردۆخییەکان لەو دەڤەرە کە ئەورۆ کوردستانە ، ژیاون و لە هەمبەر هەر هێزێکی دەرەکیدا وەستاون و سەریان بۆ هیچ هێزێك نەوی نەکردووە . لە هەمان کاتدا ئەو گەلە گەلێك بوونە کە باوەڕیان بە ئاشتی و بە پەیمان بەستن و لێك تێگەیشتن هەبووە . نووسینەکەی گزینفۆن بەڵگەیەکی زۆر روونە بۆ ئەوەی کە ئەو گەلەی ئەو سەردەمە لەو دەڤەرانەدا ژیاون ، باب و باپیرانی ئەو گەلەن کە ئەمرۆ لەکوردستاندا دەژین، واتە گەلی کورد.
هێنانی ناوی وڵاتی کاردۆخا خۆی لە خۆیدا ئەوە روون دەکاتەوە کە گەلی کورد ئێرانی نین و بەڵکو خاوەن وڵاتێك بوونە بە ناو کاردۆخا و هەر ئەو سەردەمەش نەتەوەیەکی زۆر جیاواز بوونە لە گەلانی دیکە . هەر وەك دەزانین گزینفۆن فەرماندەیەکی جەنگی بووە و فەرماندەیی دەهەزار سەربازی کردووە . کاتێك کە ناتوانێ لە دیجلەوە بگەرێتەوە ، باش لەوە ئاگادارە کە بە کوێدا دەگەرێتەوە . واتە ، ئەوە تەنیا لە نووسینەکەی گزینفۆندا نەبووە کە بەو مەڵبەندەیان گوتووە کاردۆخا ، بەلکو پارسەکان و گەلانی دیکەش بە کاردۆخییەکان ناویان هێناون و بە ولاتەکەشیان گووتووە کاردۆخا . ئەم ناو هێنانەش لەوانەیە لە تەواوی نەخشە جەنگییەکانی دیکەی بەدەر لە نەخشەکەی گزینفۆن، هەر بەو شێوەیە هاتبێ . دەنا خۆ لە خۆرا نییە کە گزینفۆن لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ناوێك بۆ وڵاتێك ببینێتەوە و نەتەوەیەك کە جیاوازن لە نەتەوەکانی دیکەی ئەو هەرێمە ، ناودێر بکا. شتێکی دیکە کە زۆر بە روونی باسی لێکراوە لە نووسینەکەی گزینفۆندا ، ئەوەیە کە کاردۆخییەکان دووژمنی پاشای پارسەکان بوونە . کەواتە لەو سەردەمە دژایەتی و کێشەی نەتەوەیی و هۆزی و دەسەڵاتدار بوون لە نێوان کاردۆخییەکان و پارسەکان و گەلانی دیکەی دەوروبەریاندا هەبووە و ئەم گەلانە زۆر لە یەکدی جیاواز بوونە و هەر یەکەو خاوەن دەسەڵات و هەرێمی تایبەت بە خۆی بووە.

## ماد ...

هۆزێکی دیکە کە لە کوردستانی کۆندا ژیاون و زۆر بەهێز بوونە و توانیویانە وەك قەوارە ، قەوارەیەك بۆ دەسەڵاتی خۆیان پێکەوە بنێن بە شێوەیەك کە ئەورۆ زۆر روون و بەرچاوە و وون نییە ، هۆزی " ماد" ە.
ئەو بڕوایەش لە لای زانایاندا بەهێزە کە کوردەکان لە تۆڕەمەی هۆزی مادن . مادەکان بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئێرانی کۆندا دەسەڵات پێکەوە دەنێن و بە کۆی دەنگ پاشا و بەڕێوەبەر بۆ خۆیان دیاری دەکەن و بیر لەوە دەکەنەوە کە سەروەری و شانازی هۆزی و نەتەوەیی خۆیان بە سەر هەرێمەکانی دەوروبەری خۆیاندا بڵاو بکەنەوە. ئەوان لە دەنگ وەرگرتنێکی گشتیدا "دیاکۆ" وەك پاشای خۆیان هەڵدەبژێرن و لە ماوەیەکی کورتدا توانیویانە هەرێمی دەسەڵاتی خۆیان لەوەی کە هەیانبووە بەربڵاوتر بکەن . جۆغرافی ناسانی جوغرافیای کۆن ، وڵاتی مادەکان دەکەن بە دوو بەشەوە.
1 . مادی گەورە
2. مادی بچووك
مادی گەورە کەلە بەرگری هەمەدان ، رەی و ئیسفەهان بووە و مادی بچووکیش لە بەرگری ئازەربایجانی رۆژئاواو کوردستان بووە . مادی گەورە لە سەردەمی پارتەکاندا ناوچەیەکی بەرینتری لە بەرگرتووە ، وەك هەمەدان ، کرماشان ، ئەراك و ئیسفەهان و یەزد.

ووشەی ماد لە سەردەمی ساسانییەکندا بووە بە "مای" و لە لایەن ئیسلامەکانەوە بە "ماە" ناویان هێناوە .
هێزی سەربازی ماد زۆر بە هێز بووە و لە سەردەمی پاشایەتی " هووەخشترە " ، پاشای مادەکان ، دەست دەگیرێت بە سەر دەسەڵاتی ئاشوورییەکاندا لە لایەن مادەکانەوە لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زاین .
هەر لەو پێوەندییەدایە کە " حەکیم تووس " دەڵێت :
قوی پهلوان جهان کد خدای          بە فرمان تو دنبر و مرغ و مای
بە پاشای جیهان ناساندنی هووەخشترە ، پاشای مادەکان لە لایەن حەکیم تووسەوە، ئەوە دەنوێنێ کە ئەو هێزە خاوەن رێك و پێکی و خاوەن هوونەر و خاوەن دیسیپلینێکی دەسەڵاتدارەتی بوونە . وەك چۆن سەرجەم پاشا و ئیمپراتۆرییەتییەکانی دیکە بە هۆی هێزەوە باجیان لە خەڵکانی هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیانیان ئەستاندووە و لەو رێیەوە چوارچێوەیان بۆ ئابووری و زیاتر بەهێز بوونی خۆیان دارشتووە ، مادەکانیش هەروەها ئەندازەی خۆ گرتنیان لەو پلەیەدا بووە کە لە رێی بە هێز کردنی بنەمای ئابوورییانەوە لە رێی باج گرتن و لە رێی دەست گرتن بە سەر هەرێمەکانی دەوروبەریاندا ، بناغە بۆ بنیاد نان و ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی ئیمپراتۆری خۆیان دابنێن . ئەوان شێوەو رێوشوێنی ساختمان سازی و نووسین و گەران بە دوای ئاین و پێرەوی کردن لە یاسایان هێنایە نێو کۆمەڵگای خۆیان . ئەوان بنەمایان بۆ شارستانییەتی نوێتر لە سەردەمی مێزوپوتامیایان ، هێنایە ئاراوە.
لە سەردەمی تازە هاتنی هێرش و دەسەڵاتی ئیسلامی بۆ ئێران و کوردستان ، ناوچەیەکی بەرین هەبووە لە رۆژهەلاتی نێوەراستی ئەورۆ کە یۆنانییەکان پێیان گووتووە " مەدیا " . وڵاتی مەدیا لە رۆژئاواوە بە جۆگەی " بین النهرین" و لە رۆژهەڵاتەوە بە ووشکایی گەورەی ئێران کۆتایی پێهاتووە . ئەم هەرێمە لە لایەن مێژوو نووسانی عەرەبەوە بە " ایالات الجبل " نێودێر کراوە . هەر هەمان ناو لە سەردەمی سەلجوقییەکانداخرایە پشت گوێ و ناوی " عێراقی عەجەم " ی بە سەردا برا. یاقووتی لەو بارەوە دەڵێ : ئێرانییەکان لەو سەردەمە ووشەی عێراقی عەجەمیان بە کاردەهێنا لە باتی " ایالات الجبال " ، ئەو ناوهێنانەش هەڵە بوو . لە پەرتووکەکەی خۆیشیدا یاقووتی ، کە بە عەرەبی نووسیویەتی ، ووشەی " قوهستان" واتە کوێستان کە واتا کوردییەکەی "جبال"ە ، بە کار دێنێ بۆ ئەم ناوچەیە .
پاس هێرشی مەغوول ، ئیدی ناوی " ایالات الجبال " بۆ ئەم ناوچەیە بە کار نەهێنرا . " حمدالله مستوفی " کە لە سەدەی هەشتەمی زاییندا ژیاوە ، لە هیچ جێیەك لە پەرتووکی " نزهەالقلوب " ی خۆیدا ، ایالاتالجبالی بۆ ئەم ناوچەیە بە کار نەهێناوە . ئەو ئیالاتی کۆنی جبال دەکا بە دوو بەشەوە . بەشی گچکەتری کوردستان لە لای رۆژئاوا و بەشی گەورەتری ، عێراقی عەجەم لە لای رۆژهەڵاتەوە و پاشان لە سەر ناوچەکانی کوردستان ، ئاوا دەنووسێت : کوردستان پێکهاتووە لە شانزدە ویلایەت و سنوورەکەشی بەستراوەتەوە بە ویلایەتی عێراقی عەرەبی و خوزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و دیاربەکرەوە (ئامەد). ئەو شانزە ویلایەتەش کە " مستوفی " وەك کوردستانیان ناو دەبا بریتین لە ئالانی ، ئالیشتر ، بەهاری خفتیان ، دەربەندی تاج خاتوون ، دەربەند زەنگی ، دزبیل ، دینەوەر _سوڵتان ئاوا_ ، چەمچاڵ ، شارەزوور ، کرماشان ( قەرمسین) ، کرند ، خوشان _ کنگوور ، ماهیدەشت ، هەرسین ، ستام . جێی ئامازە پێدانە کە زۆربەی ئەو ویلایەتانەی " مستوفی " بە کوردستانی ناو بردوون ، ئەورۆ لە پارێزگای کرماشاندا هەڵکەوتوون .
مستەوفی وەك نووسەرێك و مێژوو ناسێ لە خۆرا نییە کە لە ئاکامی بگرەو بەردەو هێرش و هێز گواستنەوەکاندا، ناوی وڵاتی " مەدیا " و پاشان " ایالات الجبال" و پاشانیش " عێراقی عەجەم " لە پرێکا دەگۆرێت بۆ کوردستان. لەوانەیە بە پێی ئەو زانیارییانەی مستەوفی هەیبووە لە سەر ناوچەکەو بوونی گەلێك بە ناو کاردۆخی و بوونی وڵاتێك بە ناو کاردۆخا کە گزینفۆن باسی لێوە دەکا ، ئامانجی وەرگرتنێ و بنەمای ئەم ناوەی هێنابێتە نێو قامووسی ئەو دۆزەی کە لەو سەردەمەدا زاڵ بووە بە سەر ناوچەکەدا . یان ئەگەری ئەوەش هەیە کە لەو سەردەمەدا هەر خودی خەڵکی ئەو ناوچانە بووبن کە بە هەرێمەکەی خۆیانیان گوتبێت کوردستان و ئەم نێو هێنانەش لە پەرتووکەکەی مستەوفیدا رەنگی دابێتەوە کە دیارە ئەم ئەگەرەیان زیاتر لە راستییەوە نزیکە .لەبەر ئەوەی ئەو سەردەمە سەردەمی پاش هێرشی چەنگیزخانە بۆ دەڤەرەکە و ئەوەش بە ناووبانگە کە کوردەکان لە هەمبەر هێرشی مەغولەکاندا خۆیان راگرتووە و بەربەرەکانییان کردووە. وەك ئەو کوردانەی کە لە سەر پینی کێوی بێستوون خۆراگرییان کرد و سەریان بۆ دەسەلات و هێرشی مەغولەکان نەوی نەکرد . بێگومان رەوتی کاردانەوەکان لە سەرجەم ئەو بارودۆخە ناسك و پر کێشانە هەلی بۆ کوردەکان رەخساندووە کە پاش ئەو هەموو یاخی بوونە بە دژ دەسەڵاتە یەك لە دوای یەکەکان ، لە ئاکامدا ناوی وڵاتەکەیان کە جودایە لە ئێران و

ناوی گەلەکەیان کە نە تورکە و نە فارسە و نە عەرەب ، دیاری بکەن و لە پەرتووکەکەی مستەوفیدا رەنگ بداتەوە . بێگومان مستەوفیش سەرەتا ئەم ناوەی ناسیوە ، پاشان دایڕشتووە .